# دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی بەردەم پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2021دا

06-02-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : هەرێمی کوردستان توانی لە ساڵی 2020دا پەرە بە بەرهەمهێنانی نەوت بدات و لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵیشدا ئامادەیەکی نوێ بۆ دەستکەوتی زیاتری بەرهەمهێنانی نەوتی لە 2021دا بخاتەڕوو. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، سەرکردایەتیی کەرتی پیشەسازی نەوتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنێت و دەرفەتەکان بۆ پرۆژەی درێژخایەن بقۆزێتەوە؟

هەرێمی کوردستان توانی لە ساڵی 2020دا پەرە بە بەرهەمهێنانی نەوت بدات و لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵیشدا ئاماژەیەکی نوێ بۆ دەستکەوتی زیاتری بەرهەمهێنانی نەوتی لە 2021دا بخاتەڕوو. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، سەرکردایەتیی کەرتی پیشەسازی نەوتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنێت و دەرفەتەکان بۆ پرۆژەی درێژخایەن بقۆزێتەوە؟

ساڵی 2020 بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرهەمهێنەری نەوت ساڵێکی سەخت و پڕ ئاڵنگاری بوو، چونکە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19، بووە هۆی کەمبوونەوەی خواست بۆ نەوتی خاو لە جیهاندا، دابەزینی نرخی نەوت، زەحمەتییەکانی بەردەوامیدان بە فراوانکردن و بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان، هەموو ئەمانە بەیەکەوە وایانکرد کۆمپانیا و وڵاتانی ناوچەکە رووبەڕووی سەختییێکی بێ وێنە ببنەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان سەرەڕای سەختییەکان توانی لە ساڵی رابردوودا پەرە بە بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر و مانەوەی ئاستی بەرهەمهێنان وەک پێش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19 بدات.

پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستانیش وەک وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوتی رووبەڕووی هەمان سەختی بووەوە و پێش سێ ساڵیش لەمەوبەر 280 هەزار بەرمیل نەوتی لە کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن و هاڤانای لەدەست دا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئیدارەی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نەوت بدات، بەشێوەیەک ساڵانە ئاستی گەڕان و بەرهەمهێنان گەشە پێبدات.

بەپێی نوێترین بڵاوکراوەی دیلۆێت، کە پێداچوونەوەی بۆ بەرهەمهێنان، خەرجی و داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە نۆ مانگی ساڵی رابردوودا کردووە، دەرکەوتووە بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت 452 هەزار بەرمیل نەوتە، لەکاتێکدا دامەزراوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ رووپێوی ئابووری (میس) پێشبینیدەکات هەرێمی کوردستان ساڵی 2020ی بە بەرهەمهێنانی 454 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا کۆتایی پێهێنابێت.

راستییەکەی ئەمە شتێکی کاریگەرە بۆ هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی 14 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا لە کێڵگەی نەوتی تاوکێ لەهەمان ساڵدا، کە یەکێکە لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بە توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی 110 هەزار بەرمیل نەوت، کە لە لایەن کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجییەوە بەڕێوەدەبرێت. پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی گرنگە، لەکاتێکدایە کێشەکانی بەغدا لەگەڵ پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، کە هەولێر تۆمەتبار دەکات بە کەمنەکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت و زیاتربوونی قورسایی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان پشکی حکومەتی عێراق و پابەندنەبوونی عێراق بە رێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی رێککەوتنی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی و ئۆپێک، کە بە ئۆپێک پڵەس ناسراوە.

گەورەترین هۆکاری پشت پەرەپێدان و زیادکردنی قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020دا دەگەڕێتەوە بۆ گەشەپێدانی بەردەوامی کێڵگەی نەوتی ئەترووش، کە تایبەتمەندی API 27 پلەیە (واتە کوالێتییێکی باشی هەیە، کێڵگەکە لەلایەن کۆمپانیای تاقەی ئیماراتی بە رێژەی47% و کۆمپانیای شامارانی کەنەدی، بە رێژەی 27.6% و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رێژەی 25% خاوەندارێتی دەکرێت. ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای کێڵگەی ئەترووش 46 هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، ئەمەش نزیکە لەئاستی تەواوەتی کێڵگەکە، کە توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی 50 هەزار بەرمیل نەوتە.

## هەواڵە خۆشەکە لە 2021دا

لە ئەمساڵدا هەواڵی دڵخۆشکەر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە پێشبینیدەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت زیاتر گەشە بکات، ناوەندی میس پێشبینیدەکات کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان رۆژانە 480 بۆ 485 هەزار بەرمیل نەوت تێپەڕێنێت، ئەویش بەهۆی دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی سەرتا لە باکووری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە توانای بەرهەمهێنانی 20 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەیە. کۆمپانیای شیڤرۆن خاوەندارێتی 50% و کۆمپانیای گەنەل ئینرجی خاوەندارێتی 30%ی کێڵگەکە دەکات، نەوتی بەرهەمهێنراوی کێڵگەی سەرتا بە تانکەر دەگوازرێتەوە بۆ خورمەڵە بۆ بۆری نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا. لە کۆتاییدا پلانی راکێشانی بۆرییەکی نەوتی بۆ داڕێژراوە بۆ بەستنەوەی بە بۆری نەوتی هەناردەکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسانکاری زیاتر بەرهەمهێنانی نەوت و کەمبوونەوەی تێچووی گواستنەوە و خەرجییەکان.

زیادبوون و کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە وەبەرهێنانی کۆمپانیاکان و هەڵکۆڵینی بیرە نەوتی نوێیەوە هەیە، بۆ نموونە هەفتەی رابردوو، کۆمپانیای گەنەل ئینرجی هاوبەشی بچووکی کۆمپانیای شیڤرۆن لە کێڵگەی نەوتی سەرتا رایگەیاند: "ئاستی تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی سەرتا ئێستا 5 هەزار و 500 بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، هەروەها پێشبینی

زیادبوونی بەرهەمهێنانی کێڵگەی نەوتی سەرتا بۆ رۆژانە 16 بۆ 20 هەزار بەرمیل نەوت دەکەین، ئەویش دوای دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە بیرە نەوتی سەرتا-2 لە مانگی داهاتوودا"..

لە هەمانکاتیشدا لە ئەمساڵدا چاوەڕوانی زیاتری کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەی نەوتی تاوکێ دەکرێت، کە (کۆمپانیای دی ئێن ئۆ خاوەندارێتی 75% و کۆمپانیای گەنەل 25%)ی دەکات، سەرەڕای ئەوەی هەفتەی رابردوو کۆمپانیای دی ئێن ئۆ رایگەیاند: پلانیان داڕشتووە بۆ زیادکردنی کارەکان لە بیرە نەوتییەکان بۆ مانەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی رۆژانە لە ئاستی زیاتر لە 100 هەزار بەرمیل نەوتدا، هەروەها زیادکردنی برێکی کەمیش لە بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی سەرتا و شوێنەکانی دیکەی پێویستە بۆ پاراستنی هاوسەنگی و قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمبوونەوانە لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتدا.

**بەرهەمێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەپێی کێڵگە نەوتییەکان لە ساڵی 2016 بۆ 2020 و پێشبینییەکان بۆ 2021**

| **ساڵ** | **کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان (هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا)** | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **خورمەڵە** | **تاوکێ** | **ئەترووش** | **شێخان** | **گەرمیان** | **سەرسنگ** | **خۆرمۆر** | **هەولێر** | **تەقتەق** | **سەرتا** | **ئەوانی دیکە** | **ئاڤانا و بای حەسەن** | **کۆی گشتی** |
| **2016** | 105 | 107 | 0 | 35 | 4 | 5 | 13 | 3 | 60 | 0 | 6 | 214 | 552 |
| **2017** | 110 | 109 | 9 | 35 | 5 | 10 | 13 | 3 | 18 | 0 | 9 | 230 | 551 |
| **2018** | 130 | 113 | 22 | 32 | 5 | 17 | 15 | 3 | 12 | 0 | 13 | 0 | 362 |
| **2019** | 160 | 124 | 32 | 33 | 29 | 23 | 15 | 13 | 12 | 0 | 13 | 0 | 454 |
| **2020** | 160 | 110 | 46 | 37 | 30 | 24 | 15 | 11 | 10 | 0 | 11 | 0 | 454 |
| **2021*** | 170 | 100 | 50 | 42 | 28 | 29 | 15 | 13 | 8 | 16 | 10 | 0 | 481 |

سەرچاوە: راپۆرتەکانی دیلۆیت، کپلەر و ناوەندی میس. تێبینی، خورمەڵە 2020 پشتڕاستنەکراوەتەوە

*2021 ئامارەکانی ئەمساڵ پێشبینکراوە بەگوێرەی راگەیێندراوی چالاکی کۆمپانیاکان

لەبارەی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتەوە، هەفتەی رابردوو، کۆمپانیای گەڵف کیستۆنی بەریتانی رایگەیاند: پێشبینی دەکەین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی قورسی کێڵگەی شێخان بگاتە 40 بۆ 44 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا لە ئەمساڵدا، کە API کەی 18 پلەیە، ئەویش لەکاتێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی ئەم کێڵگەیە رۆژانە 36 هەزار و 625 هەزار بەرمیل نەوت بووە لە ساڵی رابردوودا. هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەی نەوتی ئەترووش بگاتە ئاستی تەواوەتی خۆی، کە 50 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.

یەکێکی دیکە لە کێڵگە نەوتییەکان، کێڵگەی نەوتی سەرسنگە، کە لەلایەن کۆمپانیای HKNی ئەمریکییەوە بە هاوبەشی تۆتاڵ بەڕێوەدەبرێت، وادەردەکەوێت لە ئەمساڵدا تەنیا ئاستی بەرهەمهێنان بە قەبارەی 5 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە زیادبکات لە رۆژهەڵاتی بیرە نەوتەکانی سوارە تووکە، کە ساڵی رابردوو لە مانگی شوباتدا بەهۆی هەرەسی زەوییەوە زیانی بەرکەوتبوو.

گەورە بەرهەمهێنەرێکی دیکەی پیشەسازی نەوتی هەرێمی کوردستان کێڵگەی نەوتی خۆرمەڵەیە، ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی 160 هەزار بەرمیل نەوتە. کێڵگەی نەوتی خورمەڵە (خورمەڵە دۆم) درێژکراوەی کێڵگەی نەوتی زەبەلاحی کەرکووکە. کە لە لایەن کۆمپانیای نێوخۆیی گرووپی کارەوە بەڕێوەدەبرێت. وادیارە ساڵی 2020 ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی 160 هەزار بەرمیل نەوت بووبێت، بەڵام کۆمپانیاکە زۆر چاوی لە هەڵکەندنی بیری نوێی نەوتییە و گەیاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی رۆژانەیە بۆ 200 هەزار بەرمیل لە ئەمساڵدا. تەنانەت چەندێکیش بچووک بێت هەوڵەکانی کۆمپانیای گرووپی کار لە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە وادەکات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا بگەیێنێتە نیو ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.

## ساڵی رابردوو هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان چەند بووە؟

بەپێی داتاکانی کپلەر و میس و دیلۆیت، هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 2020دا رۆژانە 450 هەزار بەرمیل نەوتی تێپەڕاندووە و هەریەکە لە وڵاتانی ئیتاڵیا، کرواتیا، یۆنان، تورکیا، ئیسپانیا و ئیسرائیل کڕیاری سەرەکی بارکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانن لە بەندەری نەوتی جەیهان لە دەریای ناوەڕاست، کە هەر شەش وڵات بەیەکەوە رێژەی 72%ی کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن.

بەپێی هەمان سەرچاوەکانی پێشوو داهاتی چارەکی ساڵانەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەبێ دانەوەی قەرزی پێشوەختە و خەرجییەکانی دیکە 2 ملیار دۆلاری لە ساڵی رابردوودا تێپەڕاندووە.

بەپێی داتاکان ئیتاڵیا کڕیارێکی سەرەکی نەوتی هەرێمی کوردستان بووە لە چارەکی یەکەمی 2017وە تاوەکو ئێستاش، بەڵام کڕینی نەوتی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئیسرائیلەوە کەمبووەتەوە لەهەمان ماوەدا. چوار لە کڕیارە سەرەکییەکانی دیکەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهان جگە لە تورکیا خۆی، هەریەکە لە وڵاتانی کرواتیا و یۆنان و ئیسپانیا بووە.

بارکردنی نەوتی هەرێمی کوردتان لە بەندەری جەیهان لە چارەکی یەکەمی 2017 بۆ چارەکی چوارەمی 2020

| ساڵ | بڕی هەناردەکراو (1000 بەرمیل) |
|---|---|
| **چارەکی یەکەمی 2017** | 552 |
| **چارەکی دووەمی 2017** | 518 |
| **چارەکی سێیەمی 2017** | 583 |
| **چارەکەی چوارەمی 2017** | 320 |
| **چارەکی یەکەمی 2018** | 330 |
| **چارەکی دووەمی 2018** | 280 |
| **چارەکی سێیەمی 2018** | 390 |
| **چارەکەی چوارەمی 2018** | 434 |
| **چارەکی یەکەمی 2019** | 484 |
| **چارەکی دووەمی 2019** | 551 |
| **چارەکی سێیەمی 2019** | 515 |
| **چارەکەی چوارەمی 2019** | 509 |
| **چارەکی یەکەمی 2020** | 502 |
| **چارەکی دووەمی 2020** | 422 |
| **چارەکی سێیەمی 2020** | 449 |
| **چارەکەی چوارەمی 2020** | 451 |

سەرچاوە: داتاکانی دیلۆیت، کپلەر و میس،

تێبینی، هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەشێکی کەمی لە کانوونی دووەمی 2019، کە کەمترە لە رۆژانەی 40 هەزار بەرمیل، تێدایە، داتاکانی چارەکی چوارەمی 2020 خەمڵێنراوە.

## قەرزی بازرگانان

بەهۆی مامەڵەی پێشوەختەی بازرگانییەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵەکردن بە فرۆشتنی نەوت بە پارەی پێشوەختە بە بازرگانان، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بەشێکی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی بۆ دەمێنێتەوە. ئەم شێوازە مامەڵەکردن (داینامێکییە) زۆر خراپتر بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی دابەزینی نرخی نەوتدا، چونکە جگە لەوەی حکومەت نەیتوانی داهاتی دەستبکەوێت، قەرزێکی گەورەی کارکردنی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و پێشفرۆشی نەوتیشی کەوتەسەر.

بەپێی دوایین راپۆرتی دیلۆێت لەبارەی پشکنینی داهات و خەرجییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان، کە بۆ 3.17 ملیار دۆلار داهاتی نەوتی فرۆشراوی نۆ مانگی 2020 کردووە، تەنیا 1.83 ملیار دۆلار بۆ حکومەت بووە، واتە لە 43% بۆ حکومەت گەڕاوەتەوە و لە 57% بۆ کۆمپانیاکان بووە. تەنانەت لەوەش خراپتر، کەڵەکەبوونی قەرزە دیارەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بازرگانانەوە بەرزبووەتەوە بۆ 4.31 ملیار دۆلار لە کۆتایی چارەکی سێیەمی 2020دا ، لەکاتێکدا لە کۆتایی 2019دا تەنیا 3.44 ملیار دۆلار بووە.

بەرزنەبوونەوەی نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو لە ساڵانی داهاتوودا یاخود هیواکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیکە وادەکات قورساییەکی گەورە بکەوێتە سەر دارایی حکومەت لەم ساڵانەی دواییدا. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان 873 ملیۆن دۆلاری دیکەش قەرزاری کۆمپانیاکانی بواری نەوتە، بەهۆی پێنەدان و دواکەوتنی پێدانی حەقدەستی کۆمپانیاکان بۆ کارکردنیان لە نێوان مانگەکانی تشرینی دووەمی 2019 تاوەکو شوباتی 2020. حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە دەبێتەوە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە و خۆدەربازکردن لە قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر بازرگانان و کۆمپانیاکانی نەوتدا.

سەرەڕای دەرکەوتن و زەقبوونەوەی کێشەکان، وادەردەکەوێت حکومەت هەنگاوی بڕیوە بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان و دانەوەی قەرزی کۆمپانیاکان، کە لە کۆتاییەکانی چارەکی یەکەمی 2020دا رایگەیاند: رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکان کراوە بۆ پێدانی حەقدەستی کارکردنیان بۆ دوو مانگی کۆتایی 2019 و دوو مانگی سەرەتای 2020 کاتێک نرخی نەوت دەگاتەوە سەرووی 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک یاخود سەرەتای ساڵی 2021، ئێستا هەردوو مەرجەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانەوەی قەرزەکان بەدیهاتوون بۆ دانەوەی قەرزەکان.

لە کۆتاییدا وادەردەکەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی داڕشتووە بۆ چۆنیەتی دانەوەی ئەم قەرزانە، هەربۆیە کۆمپانیای گەنەل ئینرجی رایگەیاند "مۆدیلی پێشنیازکراو بریتییە لە دانەوەی قەرزەکان بەشێوەیەک بۆ زیادەی نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی برێنت لە سەروو 50 دۆلارەوە"، واتە نرخی سەرووی 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەدرێتە قەرزی کارکردنی ئەو مانگانەی نەدراوەتە کۆمپانیاکان.

بەپێی ئەم رێککەوتنە نوێیەش بێت، ئەوا چەند ساڵێک دەخایەنێت تاوەکو خاوەن قەرزەکان پارەکانیان وەردەگرنەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی کێشە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر زەحمەت دەبێت بۆ کۆمپانیاکان بۆ گوشارخستنەسەر و پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دیکەی دانەوەی قەرزەکان.

## هەولێر و بەغدا رێکدەکەون؟

زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەت تەنیا دەستکەوتێکی نوێ نییە، بەڵکو بنەمایەکی پێویستە بۆ ئەو دۆخە ئابوورییەی ئێستا رووبەڕووی کابینەی نۆیەم بووەتەوە. بە تایبەتی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ گەیشتنە رێککەوتن لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی و رادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە، رێککەوتنێک کە هەردوولا پێی رازی بن.

کێشەی سەرەکی نێوان هەولێر و بەغدا پرسی ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە بەردەوامیش یەکدی بە پابەندنەبوون بە رێککەوتنەکان تۆمەتبار دەکەن. ئێستا هەرێمی کوردستان رازییە داهاتی 250 هەزار بەرمیل نەوت بداتە سۆمۆ لە بەرامبەر خەرجکردنی شایستە داراییەکانی لە بودجەی فیدراڵی عێراقدا، بەڵام بەغدا داوای رادەستکردنی ئیدارەدانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات و پێشنیازی جۆراوجۆریشی لەم بارەوە خستووەتەڕوو، بۆیە ئەمەش وادەکات گەیشتنە رێککەوتن ئەستەم نەبێت، بەڵام پابەندبوون بە رێککەوتن مەحاڵ بێت.

هەروەها خاڵێکی دیکە داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستانە، کە هەولێر پێیوایە مافی خۆیەتی بۆ هەولێر بێت نەک حکومەتی ناوەندی. بەگشتی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی رابردوودا 435 بۆ 440 هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە، بەڵام

دابەزینی نرخی نەوت بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی 9 مانگی ساڵی رابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو بە بەراورد بە هەمان ماوە لە 2019دا.

## وەزیرێکی نوێ و وەرزێکی نوێی پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان

دواجار کۆمپانیاکان و ئەوانەی چاویان لەسەر وەبەرهێنان لە پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان هاوتایەکیان دەستکەوت بۆ گفتوگۆکردن و دانوستاندن. مانگی رابردوو، دوای 18 مانگ لە مانەوەی پۆستی وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە بەتاڵی، کەمال ئەترووشی، وەک وەزیری سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوو.

پێشتر ئاشتی هەورامی لە 2005ەوە تاوەکو 2019 رۆڵی سەرەکی لە ئیدارەدانی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام پەیوەندییەکانی هەورامی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ساردی تێکەوت، کاتێک لە کۆنفرانسی ساڵی 2016 بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوتی گوت: "ئەگەر کوردستان شوێنکی باش نییە، پارەکەت ببە بۆ شوێنێکی دیکە". بۆیە دەستبەکاربوونی کەمال ئەترووشی دەرفەتێکی باشە بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت IOC لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی بڵاوکراوەی کۆمپانیاکان لەم چەند ساڵەی دواییدا نەک بەتەنیا لەسەر پێدانی حەقدەستەکانیان لە لایەن حکومەتەوە، بەڵکو لەسەر وەرگرتنی رەزامەندی بۆ پلانی پەرەپێدانی کێڵگەکانیان و گفتوگۆکردن لەوبارەیەوە دواکەوتوون. بۆ نموونەش لە دوای رێگەدان بە کێڵگەی نەوتی ئەترووش لە مانگی تەمموزی 2017، تەنیا پێدانی مۆڵەتی نوێی کارکردن بە تاوکێ و سەرتا هەبووە. سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی دیکەی پیشەسازی نەوت یاخود سەرپەرشتیارانی ئەو کێڵگە نەوتیانەی گازی هەیە، هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە یان بەهای پشکداری بەشەکانیان کەمکردووەتەوە.

لەو پرۆژانەشی رەزامەندی لەسەر دراوە و دەستکراوە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنانی رۆژانەی 70 ملیۆن بەرمیل نەوت و بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی بە بڕی 500 ملیۆن پێ سێجا لە رۆژێکدا، کە ئێستا کار لەسەر پەرەپێدانیان دەکرێت و بەرهەمەکانیان لەنێوان ساڵانی 2021 بۆ 2023 دەردەکەوێت.

یەکەم پرۆژەش، کە ئەگەری زۆرە لە ئەمساڵدا تەواوبێت، پرۆژەی فراوانکردنی کێڵگەی نەوتی شێخانە لە لایەن کۆمپانیا گەڵف کیستۆن بەریتانییەوە، کە چاوەڕواندەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی بگاتە رۆژانە 15 هەزار بەرمیل نەوت. لە هەمانکاتدا، یەکێک لە گەورەترین پرۆژەکان بریتییە لە پرۆژەی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی گاز لە کێڵگەی گازی خۆرمۆر، کە لە لایەن کۆمپانیای داناگاز و کریسینت پیترۆلیۆمەوە بەڕێوەدەبرێت، توانای بەرهەمهێنانی 500 ملیۆن پێ سێجا گازە لە رۆژێکدا.

یەکەم هەنگاوی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی گازیش بریتییە لە زیادکردنی 250 ملیۆن پێ سێجا لەرۆژێکدا، کە تاوەکو کۆتایی چارەکی یەکەمی 2023 کۆی گشتی توانای بەرهەمهێنانی گاز دەگەیێنێتە 650 ملیۆن پێ سێجا لە رۆژێکدا و پێداویستی بازاڕی ناوخۆی پێ دابین دەکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەستکردن بە هێنانی کێڵگەی نوێی بۆ سەرهێڵ و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی سێکتەری پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش پێویستی بە رەزامەندی و پشتگیریی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەیە.

یەکێک لەو کێڵگە نەوتیانەی، کە گەنەل ئینرجی چاوی لەسەرە بۆ بەرهەمهێنان لە داهاتوودا، کێڵگەی نەوتی بنەباوییە، کە پێشبینیدەکرێت 37 ملیۆن بەرمیل نەوت و 8.2 ترلیۆن پێ سێجا یەدەگ گازی هەبێت. بەگوێرەی پلانی 2017، پەرەپێدانەکە دوو ساڵی ماوە، کە تێیدا ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە 350 ملیۆن پێ سێجا بگەیێنێتە 700 ملیۆن پێ سێجا.

لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان چاوی لە پلانی هەناردەکردنی گازە بۆ دەرەوە، بەڵام کۆمپانیای گەنەل ئینرجی پلانی پەرەپێدانی کێڵگەکەی گۆڕی و کردی بە بەرهەمهێنانی نەوت، چونکە دەڵێت دەتوانین لە شەش مانگی یەکەمدا نەوت بەرهەمبهێنین و بەپارەی نەختی دەستکەوتوو پلانی پەرەپێدانی گاز جێبەجێبکەین. بەپێی پلانی پێشنیازکراو لە قۆناخی یەکەمدا لەوانەیە ئاستی بەرهەمهێنان بگاتە رۆژانە 5 هەزار بەرمیل نەوت و لە قۆناخی دووەمدا لە نێوان 10 بۆ 15 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی نەوتی بنەباوی، کە کوالیتی APIەکەی 47 پلەیە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کواڵێتیی نەوتی خاوی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان، کە بە گشتی کواڵێتیی نەوتەکەی باش نییە و API نزمە. تەنانەت ئەم پلانە تۆکمەیەش کاری لەسەر نەکرابێت، ئەوا کۆمپانیای گەنەل ئینرجی رایگەیاندووە؛ لە مانگەکانی ئەیلوول و کانوونی یەکەمی 2020 دیسان پرۆپۆزەڵی

پلانەکەیان پێشکێشکردووە، چاوەڕواندەکەن دەستبەکاربوونی کەمال ئەترووشی هاندەر بێت بۆ پێشکەوتنی پلانی فراوانکردنەکە. هەروەها، کۆمپانیای گەنەل چاوی لە کارکردنە لە کێڵگەی نەوتی قەرەداخ، کە خاوەنی 40%ی کێڵگەکەیە بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای شێڤرۆن.

ئامادەبوونی کۆمپانیا گەورەکان بەدڵنیاییەوە ئاسانکاری بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتن دەکات و چاوەڕواندەکرێت لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا دەست بە هەڵکۆڵینی بیرەکان بکرێت، کۆمپانیای گەنەل ئینرجی پێشبینیدەکات کێڵگەی نەوتی قەرەداخ لەوانەیە 400 ملیۆن بەرمیل نەوت و 6.6 ترلیۆن پێ سێجا یەدەگی گازی هەبێت.

کێڵگەی نەوتی باشیک، کە هەریەکە لە کۆمپانیای دی ئێن ئۆی نەرویجی (32%)، ئیکسۆن مۆبیل (32%) و گەنەل ئینرجی تورکی (16%) و حکومەتی هەرێمی کوردستان (20%) خاوەنداریتی دەکەن، یەکێکی دیکەیە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی نەوت، کە گەیشتووەتە هەنگاوی تاقیکردنەوە بۆ بیرە نەوتەکانی زەرتک -1 و باشیک-2، هەرچەندە تاوەکو ئێستا هیچ یەدەگێکی ڤازانجلێکراو یاخود سەرچاوەی نەوتی لەوێ تۆمارنەکراوە.

پەرەپێدانی ئەم کێڵگە بچووکانە دەکرێت ببنە هۆی زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا، بۆ نموونەش کێڵگەی نەوتی سەرتا، کە هەنگاوەکانی ئاسانکاری بۆ بەرهەمهێنانی پێشوەختە و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی پێشوەختەی (EPFs) بۆ دابینکراوە، مۆدیلێکی نوێیە لەکارکردن لەکاتی خۆیدا، بەڵام ئەم هەنگاوانە پێویستی بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هێشتا زووە بڵێین وەزیری نوێی سامانە سرووشتییەکان لە کوێ و چۆن هاوکارێکی یارمەتیدەر دەبێت.

لە کۆتاییدا پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا چاوی لە وەزیری نوێی سامانە سرووشتییەکانە بۆ تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکان و رەخساندنی ژینگەیەکی نوێی وەبەرهێنان لە سێکتەری پیشەسازی نەوتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هاتنە پێشی کۆسپ و ئاستەنگی گەورە لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر سێکتەری پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان. بۆیە هەر هەنگاوێکی نوێی وەزیرە نوێیەکەی سامانە سرووشتییەکان لەم دوو رووەوە پێشکەوتن بەخۆوە ببینێت ئەوا دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

سەرچاوەکان


ASA, D. (2021, January 18). *DNO Operations Update.* Retrieved January 31, 2021, from INVESTORS ANNOUNCEMENTS: /https://www.dno.no/en/investors/announcements/dno-operations-update

.GenelEnergyplc. (19, January 2021). *Trading and operations update.* Genel Energy plc, Media

Hargreaves, R. O. (10, January, 2021). *Kurdistan Regional Government of Iraq: Oil production, export, consumption and revenue for the period 1 January 2020 to 31 March 2020.* Erbil: Regional Council for Oil and Gas Affairs, Deloitte .

O'Hanlon, N. H. (10 January 2021). *Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue for the period 1 July 2020 to 30 September 2020.* Erbil: Regional Council for Oil and Gas Affairs, Deloitte .

O'Hanlon, N. H. (10 January 2021). *Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue for the period 1 April 2020 to 30 June 2020.* Erbil: Regional Council for Oil and Gas Affairs, Deloitte .

رووداو. (2021، کانوونی دووەم 6). *رووداو.* Retrieved کانوونی دووەم 30, 2021, from رووداو دیجیتاڵ: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/06012021